# بەشیر موشیر

( 1 )

گەلێ ئازادیی لەیادو بیربێ

خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ

بەشیر موشیر بێ، کامڵ و ژیربێ

بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ

ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات

سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

بەغداد: 1957

★★★

( 2 )

هەبو نەبو پیرێ هەبوو

درەنگ هات و زوو لە دەسچوو

ئەم لاوە ئەم گەورە پیرە

**ئەم ساویلکە دانا و ژیرە**

**هەژارێبو، ساماندارێ**

**بێ سەوادێ، خوێندەوارێ**

**کێشەی نەبوو، خەمی هەبوو**

**نە دوویەکی قسە لەڕوو**

**لە خۆبایی، بەبێ هەوا**

**گەدایەکبو، فەرمانڕەوا**

**ڕاستی لەناو درۆیابو**

**ڕەش و سپی لە خۆیابو**

**وایئەزانی لەبەرچاوە**

**بلیمەتە، گەورەپیاوە**

**ناوی هەمیشە لەبیرە**

**هەم بەشیرە و هەم موشیرە**

**سلێمانی** 2006

★★★

( 3 )

**هەبو نەبو نەوجەوانێ**

کامڵ و بیری موغانی

پیادەڕۆیە، شۆڕەسواریێ

بێ کەسێ خاوەن هەزاریێ

ئەیوت لە جۆشی گریەمدا

من بووم فوومکرد بە مریەمدا

ڕۆمانی مریەم و بەشیر

لە مێژوودا ناچێ لەبیر

کە تیری بۆنایە کەوان

گوللەی بۆ خستە دەمانچە

زۆری نەبرد هێنایە ژان

کەس نەیزانی ژن یا کچە!

بەشیر خۆی سواری مەیدانبو؟

یانێردراوی یەزدانبو؟

ئەوە پرسیارێکی تووش و

فرە ڕەهەندو ئاڵۆزە

وەکو فریشتەکەی مریەم

هەم زانیە، هەم پیرۆزە

سلێمانی 2007

★★★

( 4 )

هەبو نەبو جەنگاوەرێ

ئاشتیخوازێ، شەڕنەکەرێ

کە دیماغی ئەخستەکار

کۆڵێئەدا بە ئیستیعمار

ڕۆژانێکی سەفەر بەربو

جەنگی یەکەم سەرتاسەربو

ئەمیش زابت قوماندانی

نەخێر شەڕ زۆریبۆهانی

بەخاکەناز کە ئەیوەشان

ئەیدایە بەر گوللەی ئەوان

بەدینی پێغمبەرو خوا

ئەو ئنگلیزە جۆرێ **پوا**

بە زینێکی وەها بەزی

لەشەرما دەستی خۆی گەزی

بەسەرێکی شکاوەوە

بەبنێکی دڕاوەوە

ئەمجارەش هەر لەبەسرەدا

هەمان نووچی ئەوجارەیدا

وێنە زۆرە، وێنە دیارە

مشتێ نموونەی خەرواره

بەشیر واتا هەموو میللەت

هەم ساویلکە، هەم بلیمەت

سلیمانی 2009